www.kurdistannet.org
3-8-2007 13:22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کتێبێکی کوردی لە کتێبخانەی ئیتالی ... ئاسۆ ئیبراهیم

من کە ماوەی شەش ساڵە لە وولاتی ئیتالیا دەژیم چارەنووس وای کرد نە توانم بچم بۆ وولاتێکی تر لەم وولاتە کە ژیان بۆ خوودی هاوولاتیانی ئیتالی سەختە نە خاسمە بۆ بێگانە. هەر ئەوەش وایکرد کە هەوڵبدەم دوای دابینکردنی گوزەران بە دوای مێژوو و کەلتوری کوردیدا بگەرێم لە نێو سەرچاوەکانی ئیتالیا.

چەند رۆژێک لەمەوبەر لە یەکێک لە کتێبخانە گشتیەکانی رۆما کە بە دوای نووسینێک یاخود کتێبێکدا دەگەرام دەربارەی کورد لە پر چاوم بە ووشەی قەلای دەم دەم کەوت، لە راستیدا زۆر دڵخۆشبووم کە کەسێکی کورد بە ناوی (شۆرش سورمێ) ئەم داستانە پر سەروەرییەی خانۆی لەپ زێرینی وەرگێراوەتە سەر زمانی ئیتالی. هەر زوو داوای کتێبەکەم کرد و دوای سێ رۆژ توانیم هەمووی بخوێنمەوە، هەروەها پیشانی برادەرانی ئیتالیم دا کە زۆربەیان پێیان خۆش بوو کە داستانێکی ئاوا بە نرخ باس لە باری کۆمەلایەتی و سیاسی و سروشتی کوردستان دەکات.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە چەندین کەس هەن خۆنەویستانە هەولی ئەوە دەدەن کەلتوری گەلەکەیان بە گەلانی جیهان بناسێنن، دەست خۆش کاک شۆرش.

asobrhm@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.